کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-8-2007 1:04 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مەملەکەتێک پڕ لە مێشکی خەوت و بێ ئاگا نوسینی ... چیرۆک**

ئاخ خۆزگەکانمان بۆ هێندە نامۆن بە ئێمە خۆزگەکان بۆ هێندە دژایەتی دەکرێن ساڵەهای ساڵە کورد خوێن دەڕێژێت خۆشی نازانێ بۆ؟ ساڵەهای ساڵە ماڵ وێران و ئاوارەیە خۆشی نازانێ بۆ؟ ئاخر سەدەی بیست و یەکەمە کوردە تاکەی ئەقڵ نابێت بە میوانتان تەنها بۆ ساتێك تکا دەکەم ئەگەر بۆ یەك کات ژمێریش بوە دەرگای مێشکتان بکەنەوە بۆ ئەقڵ با بێت فێرتان کات کە کێ دوژمنەو کێ دۆستە من تێناگەم یاری تۆپی پێی عێراقی چ هەقێکی بەسەر ئێمەی کوردەوە هەیە خۆ ئەگەر بڵێن ئەو کەسانەی یاریەکە دەکەن و براوەن و کوردن ئەوا هەڵەیەکی زۆر زۆر گەورە دەکەن، چونکە ئەگەر کەسێك کورد بێت و هەست و سۆزی کوردایەتی لە دڵیا بێت، ناچێت یاری بۆ دوژمنی گەلەکەی بکات، ئەوەش ناکات بە بیانوی ئەوەی کە سەری کوردی پێ بەرز دەبێتەوە، ئەگەر ئەوە بکەن بە ئیمتیازی خۆیان ئەوا دەکەونە هەڵەیەکی زۆر گەورەوە چونکە ئەوان بە ناوی عێراقەوە یاریان کردوە نەك بە ناوی کوردەوە. بەڕاستی شەرمە زاریە کە گەلی کورد لە ژێر ئاڵای عێراقدا بەو پەڕێ خۆشحاڵیەوە ڕەقس وسەما بکەن بیرتان چۆتەوە کە عەرەب ئاگری لە هەموو کوردوستان بەردا هەموو کوردوستان بە دەستی عەرەب خافور نەکراوە. بەڕاستێ بێ ئەقڵیە بێ ویژدانیە کە کار بەدەستانی کوردوستان ئەوە قبوڵ دەکەن کە ئاڵای عیراق لەژێریا بە هەزارەها گەنجی بێ تاوان لەناو براو هازارەها ژن و منداڵ و پیر لەژێر ئەو ئاڵایە خنکێن دران، بەڵام ئەمڕۆ جاشەکانی سەدام بە هەلی دەزانن و فرسەتە بۆیان کە لە کوردوستانا دیسان ئاڵاکەیان شەکاوە بێت، ئەی ئافەرم سەرکردەی کورد کە ڕێزت لە شەهیدانی کورد نا ئەی ئافەرم کە ڕێزت لە کەسو کاری شەهیدان و ئەنفال و فرۆشراوەکان و دەربەدەرەکانی کورد نا جا لەوە باشتر دەبێت بەداخەوەم کە سەرۆکی هێژامان ئاڵای عێراق لە پشتی خۆیەوە دانانێت بە لام ئیجازە دەدات بە تاکی کورد کە شانازی بە و ئاڵا خوێناویەوە بکەن کە ئێستاش بۆنی خوێنی کوڕەکەی پورە گوڵەو پورە ڕەعناو هەموو پورەکانی ترو هەموو خاڵۆو مامە کانی تری لێدێ من نازانم بە چ رویەکەوە ئەوە قبوڵ کراوە چۆن خۆڵتان کردۆتە چاوی ئەو هەموو خاوەن شەهیدەوە ئایە بیرتان لەوە کردەوە کە شەهیدانی کوردوستانتان لە ژێر خاکدا جارێکی تر شەهید کردەوە؟ ئایە بیرتان کردەوە کە شەهیدەکان لە ژێر خاکدا دڵیان دەلەرزێت کە دەبینن ئاڵای خوێناوی بەعس لەسەر ڕوخساری لاوە کوردەکان نەخشێنراوە، دەتانەوێت لاوەکانمان بەو ئاڵا پیسە بناسێنن، مخابن هەزار هەزار جار مخابن بۆ خەڵکی کوردوستان کە هەتا ئێستا بیر ناکاتەوە کە کێ دوژمنێتی و کێ دۆستیەتی تەنها بیر لە دەگەو ڕەقسی عەرەبی دەکەنەوە، بە بڕوای من هەر کەسێك ئەوە قبوڵ بکات خۆی دەر دەخات کە جاشی بەعس و چڵکاو خۆری سەدام بوە، ئەگەر وا نەبێت کەس ئاڵای خوێناوی بەعس ناگرێت بەدەستیەوە و شانازی پێەوە بکات یان ڕوخساری خۆی بە ئاڵای عێراق گلاو ناکات هەڵبەتە ئە و کەسەی ئەوەدەکات زۆر لە مێژە بۆ ڕۆژێکی وا دەگەڕێت کە خۆی نیشان بدات و بڵێ ئەها هێشتا ئاڵای بەعس و سەدام هەر شەکاوەیە یەعنی کوردینە ئێوە هەر سیر بخۆن و زوڕنا لێدەن ئێمەی بەعس هەر ماوین و ئەوەتا ئاڵاکەشمان هەر شەکاوەیە بەڕاستی ئەوە ئیهانەیەکی ڕون و ئاشکرایە کە بە گەلی ستەم دیدەی کورد دەکرێت، نازانم خاوەن ویژدانەکان بۆ بێدەنگن بۆ نایەنە گۆ کە خەریکە وردە وردە جارێکی تر کورد دەخەنەوە ژێر ئاڵای بەعس و جارێکی تر کورد بە قڕ دەدەن ئەی هاوار کێ تاقەتی دەمێنێ تەماشای ئەو دیمەنە سەیرو سەمەرانە بکات کە لە تەلەفیزۆنەکانی کوردوستان پیشان ئەدرێت ئەوە گەورە ترین ئیهانەیە کە بە ئێمەی کورد ئەکرێت ئەی هاوار کوردینە ئاگاتان لە خۆتان بێت وا جارێکی تریش دەفرۆ شرییت هەستە لەخەو کەی کاتی خەوە هیوادارم خەوێکی ناخۆش ببینی و لە خەو داچڵەکیت و هۆشت بێتەوە سەر خۆت سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆت بکەو یەك سەر هەستە سەر پێ و وەکوو شێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بنەڕێنەو بڵێ نا نا نا نابێت ئاڵای گڵاوی بەعسی جارێکی تر لە کوردوستان هاڵبکرێت و خەڵکی کورد بچێتەوە ژێری هاوار بکەو بڵێ نا نا نابێت ڕۆڵەی کورد ڕوخساری خۆی بە ئاڵای گڵاوی بەعسی بنەخشێنێ ئادەی بتان بینم ڕۆڵە ستەم دیدەکانی کورد جارێکی تر خوێنتان بێتەوە جۆش جارێکی تر بەعس و ئاڵاکەی ڕسوا بکەن ئەو کەسانەش وەدەر نێن کە شانازی بە ئاڵای عێراق و بەعس دەکات، دەی دیسان دەرگای خۆتان قایم کەن و سەگی دراوسێ ڕێگە پێمەدەن و مەیان کەن بەدز جارێکیتر لە
نوسینی (چیرۆك) 1 / 8 / 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.